# ئایا مەبەست لەو ووشەیە چیە کە دەڵێن (هەموو مافەکانی پارێزراوە) ؟

# ما المقصود من قولهم : " جميع الحقوق محفوظة " ؟

< كوردي >

شێخ محمد کوڕی صالح ئەلمونەجید

الشيخ محمد بن صالح المنجد

وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا مەبەست لەو ووشەیە چیە کە دەڵێن (هەموو مافەکانی پارێزراوە) ؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کرواە :-

**پرسیار** : ئایا مەبەست لەو ڕستەیە چیە کە دەنوسرێت (هەموو مافەکانی پارێزراوە) کە لەسەر ماڵپەڕەکەی ئێوە نووسراوە بۆ نموونە، وە ئایا مەبەست ئەوەیە کە دروست نیە بۆ من سوود لەم ماڵپەڕە وەربگرم، یان لەو کتێبەی کە ئەم دەستەواژەیەی لەسەر نووسراوە، یان شتێکی لێ کۆپی بکەم ؟

**وەڵام** : سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ..

**یەکەم** : داب ونەریتی خاوەن بەرهەمە زانستی و داهێنان و دانراو و نووسراو و بەرنامە و ئەپڵیکەیشنە ئەلکترۆنیەکان ئەوەیە کە لە سەرەتای بەرهەمەکانیان بنووسن (هەموو مافەکانی پارێزراوە) ..

مەبەستیش لەم دەستەواژەیە ئەوەیە : کە مافی مولْکیەتی فکری و داهێنان کە پەیوەستە بەو بەرهەمەوە پارێزراوە بۆ ئەو لایەنەی کە هەستاوە بە چاپ وبلاوکردنەوەی ئەو کارە ..

ئەو مافانەشی کە پەیوەستە بەم بابەتەوە دوو کار لەخۆی دەگرێت :-

**کاری یەکەم** : مافی ئەدەبی و مەعنەوەی ، کە مەبەست پێی ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە ئیتر چی کتێبێك بێت یان بەرنامەیەك بێت، یان داهێنانێك بێت، دەبێت وەك ناو بدرێتە پاڵ خاوەنەکەی، و هەر ئەویش مۆڵەتی بلاوکردنەوەی بدات، وە هەر ئەویش مافی ئەوەی هەیە کە بەچی ڕێگایەك بلاو بکرێتەوە، و چی گۆڕانکاری و هەژمارێکی تێدا بکات، یان مافی ئەوەی هەیە لە بازاڕ بیانکشێنێتەوە ئەگەر پێویستی کرد، یان هەر تەصەرروفێکی تری لەم شێوەیە ..

**کاری دووەم** : مافی مادی و لایەنی دارایی، ئەم بابەت وبەرهەم و داهێنانانە خۆی لەخۆیدا نرخێکی خۆیان هەیە لە بازاڕدا، بۆیە خاوەنەکەی دەتوانێت بە خۆڕایی ببەخشێت بەخەڵکی، یان لە بەرامبەر بڕێك پارەدا بیخاتە بازاڕەوە .

بۆیە هەموو مافە دارایی و مادیەکان کە لەسەر ئەم بابەتە پەیدا دەبێت هەمووی مافی خاوەنەکەیەتی ..

لە یەکێك لە بڕیارەکانی کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی یشدا هاتووە : ناوی بازرگانی، و ناونیشانی بازرگانی، ونیشانە و عەلامەی بازرگانی، ودانراو و داهێنان" هەمووی مافی تایبەتی خاوەنەکانیانە، بۆیە لە عورفی هاوچەرخیشدا ئەم بەرهەمانە نرخێکی دارایی موعتەبەری خۆیان هەیە لای خەڵکی، بۆیە ئەم مافانە لای شەرع مافێکی دانپیانراوە، ودروست نیە بەهیچ شێوەیەك دەستدرێژیان بکرێتە سەر ..

**دووەم** : پاراستنی ئەو مافانە بۆ خاوەنەکانیان ئەوە ناگەیەنێت کە شتیك یان بەشێکی لێ وەرنەگریت و سوودی لێ نەبینیت بۆ کاری خێر و گەیاندنی زانست وزانیاری ..

بۆیە هیچ گرفتێك نیە کە مرۆڤ بەشێك لەم بەرهەمانە وەربگرێت و سوودیان لێ ببینێت بەمەرجی ئەوەی ئەو کەسە ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکات، وەك پاراستن وئەمانەتی عیلمی ..

جمال الدين قاسمی ئەڵێت : کارێکی زۆر گرنگ لە مەسئەلەی دانان و نوسینی بابەت و پەرتووکەکاندا ئەوەیە مرۆڤ ئەو بابەت ومەسائیلانەی کە لەهەر کوێیەکەوە وەری دەگرێت ئاماژە بە سەرچاوە و ناوی خاوەنەکانیان بکات، بۆ ئەوەی ئەو کەسە شتێکی نەدرێتە پاڵ کە ئەو نەیوتوە یان خاوەنی نیە، وە بەدوور و بەرز بێت لەوەی کە جلێکی بەدرۆ وبوهتان بۆ برون، سەرچاوە ( قواعد التحديث لاپەڕە 40 ) .

ئەمانەتی زانستیش ئەوەیە : کە هەموو ووتە و گوفتارێك بدرێتە پاڵ بێژەرەکەیان، وە هەموو فیکرە و بیروبۆچنیك بدرێتە پاڵ خاوەنەکانیان، نابێت مرۆڤ سوود لەغەیری خۆی وەربگرێت و پاشانیش هەموو فەزڵو وچاکەیەکی بداتە پاڵ خۆی، چونکە لەڕاستیدا ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە دزی و غەش و ساختە ( سەرچاوە : پەرتووکی الرسول والعلم لاپەڕە 63)

لە هەمان کاتیشدا خاوەنی ئەو بەرهەمانەیش بۆیان نیە کە ڕێگری لەخەڵکی بکەن کە سوود لەو بەرهەمانە وەربگرن و بەشێکیان لێ بگوازنەوە بۆ بەرهەمی خۆیان، بەو مەرجەی وەك ووتمان ئاماژە بەسەرچاوە و ناوی خاوەنەکانیان بکەن، وە ئەگەر هاتوو ئەو کەسانە ڕێگریان لەوەها کارێك کرد، ئەوە هیچ ئیعتبارێك بۆ ووتەکانیان نیە ..

**سێهەم** : مافی پاراستن بۆ خاوەنەکان ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێگری بکرێت لەوەی کە کەسێك ئەو بەرهەمە بەشێوەیەك لە شێوەکان کۆپی بکات یان لای خۆی دایبەزێنێت، ئەگەر هاتوو مەبەست لێی سوود وەرگرتنی تاکە کەسی بێت، نەك بۆ بازرگانی وپارە پەیدا کردن بێت، واتا : دروست نیە و حەرامە کەسێك کتێبی کەسێکی تر چەند دانەیەکی لێ کۆپی بکات و لە بازاڕدا بەخڵکی بفرۆشێتەوە، چونکە ئەو کارە دەست درێژی

کردنە سەر ماف و ماڵی خەڵکە، -بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسە دانەیەکی لەو کتێبە کۆپی کرد بۆ خۆی هیچ گرفتێکی تێدا نابیرنێت - .

لەم بارەیەشەوە پرسیار کرا لە شێخ محمد کوڕی صالح العثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە : ئایا دروستە ئێمە ئەو کاسێتانەی لێیان نووسراوە (مافی لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە ) نوسخەی لێ بگرینەوە، وە ئایا ئەو حوکمە هیچ جیاوازیەکی هەیە ئەگەر هاتوو ئەو لەبەر گرتنەوەیە بە مەبەستی دابەشکردن بێت بەسەر خەڵکیدا بۆ بانگەواز کردن، نەك بۆ پارە پەیدا کردن و بازرگانی کردن ؟

ئەویش لەوەڵامدا ووتی : ئەوەی لای من ڕوون بێت، ئەگەر هاتوو مەبەست لێی سوود وەرگرتنی تاکە کەسی بێت، هیچ گرفتێکی تێدا نابینم، بەڵام ئەگەر هاتوو بۆ بازرگانی کردن بێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو دوکانێکی تەسجیلات و تۆمارکردن ئەو کاسێتەی تۆمار کردن بۆ فرۆشتنەوەی بۆ خەڵکی، ئەوە دروست نیە، چونکە کارێکی لەو شێوەیە دەستدرێژی کردنە سەر مافی براکەیەتی، بەڵام ئەگەر هاتوو خوێندکارێك بیەوێت ئەو کاسێتە لای برادەرەکەی کۆپی بکات، هیچ تێدا نیە ( تەعلیقاتی شێخ عوثەیمین لەسەر پەرتووکی ( الكافي لابن قدامة ) بەرگی (3/ لاپەڕە 373) بەکەمێك دەستکاریەوە ..

وە پرسیاری لێکرا : ئایا حوکمی کۆپی کردنی ئەو کاسێتانە چیە کە مافی لەبەر گرتنەوەی پارێزراوە ؟

لەوەڵامدا جارێکی تر ووتی : ئەوەی من بۆی دەچم ئەوەیە ئەگەر هاتوو مرۆڤ تەنها بۆ خۆی کۆپی بکات، نەك بۆ بازرگانی ئەوە هیچ گرفتی تێدا نیە، چونکە هیچ زیانێکی نیە بۆ خاوەنەکەی ..

بەڵام ئەوەی بۆ بازرگانی کردن کۆپی دەکات و دابەشی دەکات، ئەمە دەستدرێژی کردنە سەر مافی خەڵکیە، کارێکی لەم شێوەیە وەك کڕین وفرۆشتن وایە بەسەر کڕین و فرۆشتنی برایەکتدا، وە دیارە کڕین وفرۆشتنی موسڵمانیش بەسەر کڕین وفرۆشتی براکەیدا حەرامە .. ( لقاء المفتوح 164/17) .

شێخ سعد الحمید لەم بارەیەوە ووتویەتی : کۆپی کردنی کتێب و سیدی و کاسێت وهاوشێوەکانی بەمەبەستی بازرگانی کردن و کڕین وفرشتن زیان بەخاوەنە ئەصڵیەکەی دەگەیەنێت بۆیە دروست نیە"بەڵام ئەگەر مرۆڤ دانەیەکی بۆ خۆی لەو بەرهەمە گرتەوە، ئومێدمان وایە کە هیچ گرفتێکی تێدا نەبێت، بەڵام وازهێنانیش لێی باشترە ..

لە کۆتاییەوە گەشتینە ئەوەی : ئەو بابەتانەی لەسەریان نووسراوە ( مافەکانیان بۆ خاوەنەکانیان پارێزراوە ) ڕێگری ناکات لەوەی کە مرۆڤ بە شێوەیەکی شەخصی و تاکە کەسی سوودیان لێ ببینێت، یان بەشێکیان لێ وەربگرێت بۆ بابەتێکی زانستی – بەو مەرجەی ئاماژە بە سەرچاوە و ناوی خاوەنەکانیان

بکرێت- بەڵکو مەمنوع و نەخوازراو و حرەام ئەوەیە کە :کەسێك بەرهەم و ماندوو بونی کەسێکی تر بەناوی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە و بیداتە پاڵ خۆی، یان لەبەری بگرێتەوە و کۆپی بکات بەمەبەستی دەستکەوتنی قازانج و بازرگانی کردن پێوەی بە بی ئەوەی مۆڵەت لە خاوەنەکەی وەربگرێت ..

خوای گەورەش زاناترە ..